


چیمەن ڕەحیمی


# ئاوێزان لە کەناری کاکێشاندا
# بەرجەستەی کارێکی ئەدەبی کارامە




لە یەکێک لە بۆنەگەلی کولتووری شاری لەندەندا، مێزێکی پڕ لە کتێبی کوردی بۆ فرۆشتن دانرابوو. لە ناو کۆمەڵە کتێبێکی زۆردا کتێبی "ئاوێزان لە کەناری کاکێشاندا" لە نووسینی سیروان ڕەحیم سەرنجی زۆر کەسی بۆ لای خۆی رادەکێشا. کتێبەکە بە هیمەتی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی ٢٠٠٦ لە شاری هەولێر چاپ کراوە.

ئەوە یەکەم جار بوو کتێبێکی کوردی لە دەرەوە کە لە یەکەم نیگادا بە رواڵەت لە کتێبەکانی تر جودا بوو. بێگومان ئەمە دەبوو بە هۆی ئەوەی من و کڕیارانی تر کتێبەکە هەڵبگرین و بزانین ناوەڕۆکەکەی باسی چی

دەکات. کتێبەکە بە پێچەوانەی ئەوانی تر لەسەر کاغەزێکی خۆش رەنگ و جۆرێکی باش لە چاپ دراوە و فۆنتی نووسینەکە لە کاتی خوێندنەوەدا چاو ئازار نادات. پیت و وشەکان زۆر روون و بەرجەستەن. ئەمانە بۆ کتێبێکی کوردی کارێکی نوێن.





کتێبی "ئاوێزان لە کەناری کاکێشاندا" نموونەی بەرجەستەی کارێکی ئەدەبی کارامەیە، کە لە دوازدە پەخشانی دەسچین کراو پێک هاتووە. قەڵەمێکی بە توانا لەگەڵ ئەدەبیاتی شاعیرانە ئەم پەخشانانەی هێناوەتە سەر کاغەزێکی نەرم و ناسک. تۆ دەڵێی چاپخانەکەیش دڵی نەهاتووە لەسەر کاغەزی خراپ ئەو وشە جوانانە لە چاپ بدات. سیروان رەحیم کتێبەکە پێشکێش دەکات بە دایک و باوکی خۆی، وە ئاماژە بەوە دەکات کە تاکە جارێکیش نەیانیدیوە یەکتر ماچ بکەن.

یەکەم پەخشانی ئەم کتێبە "فریشتەی خۆشەویستی"یە، دەتوانم بڵێم یەکێکە لە سەرکەوتووترین پەخشانەکانی ئەم کتێبە. هەر لە یەکەم لاپەڕەیدا ئێمە بە کاراکتەرە گرینگەکان و کێشەکانیان ئاشنا دەبین. پاشان چیرۆکی پەخشانەکە دەمانبات هەتا دۆزینەوەی رێگەچارە لە کۆتاییی خۆیدا . لەم پەخشانەدا نووسەر دڵتەنگی ئەوەس، کە دەبێ هەر لە ئاوارەییدا بژی "..... دەبوو لە ماڵ بوێستم.... لە ماڵ؟ کام ماڵ! مەگەر تۆ ماڵت بە کۆڵتەوە نییە؟ مەگەر تۆ ماڵت لە جانتاکانتدا نییە؟" پاشان لە درێژەی گەشتەکانیدا دەگاتە تیشکێک... تیشکێک بە شەوارەی خستم و لە جێگەی خۆ رواندمی. تیشکێک کە لە چاوتروکاندنێکی دواتردا، بەبینینی سروشت و پێکهاتەی بێگەرد و ئاسمانی خۆی نیشانی دام کە.....، ئەم شێوازی نووسینە بەردەوام تۆ رووبەرووی هەواڵ و رووداوی تازە دەکاتەوە. بە درێژاییی کتێبەکە کارێک دەکات تۆ نەتوانی کتێبەکە دابنێیت تا تەواوی دەکەیت.

لە "فریشتەی خۆشەویستی"دا نووسەر زۆر سەرکەوتووە لە داڕشتنی ساختمانبەندییەکی یەکجار تۆکمەدا، بە جۆرێک بێ


ئەوەی ماندوومان بکات، بە خۆشحاڵییەوە شوێنی بەسەرهاتەکە بکەوین. واتە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتاییی داستانەکە ئوستادا داڕێژراون. ئەم شێوازی داڕشتنە لە هەموو پەخشانەکانی کتێبی "ئاوێزان لە کەناری کاکێشاندا" بەکار گیراوە.




خاڵێکی بەرچاوی تر لەم کتێبەدا دەتوانین بڵێین نوێیە ئەوەسە، کە هەرچەندە "ئاوێزان لە کەناری کاکێشاندا" لە ئاست ئەدەبیاتی بەرزدا نووسراوە، بەڵام قەڵەمەکەی ئەوەندە پڕ ئەزموونە، تەنانەت ئەو کوردانەیش کە بە دەست داگیرکەرانی کوردستانەوە بێ بەش کراون لە خوێندن بە زمانی دایک، «وەک ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان» دەتوانن کتێبەکە بخوێننەوە و چێژی تایبەتی لێ وەربگرن. لەم کتێبەدا جوانی و شیعر و هەستێکی قووڵی خەیاڵپەروەرانە لە یەک کاتدا پێکەوە گرێ دراون. هەستێکە کە لە ئاست هەستی ناسکی فریشتەکانی ناو چیرۆکە ئەفسوناوییەکانی کتێبەکەدایە. لە هەمان کاتدا دەتبات تا لووتکەی بەرزی خەیاڵ و خولقاندن. بەڵام هەر لەو کاتەیشدا دەرد و ئازارەکانی کۆمەڵگەی لە بیر ناباتەوە. لە هەمان کاتدا کە بۆ چەند ساتێک لە ماندوویەتی ژیانی ڕۆژانە دوورت دەخاتەوە، دێنێتەوە یاد کە خەڵکی کام خاڵی لەم جیهانەدا. کاتێ کە دەکەوێتە یادی ئەو کچە ئەسمەرەی داوونەریتگەلی کۆن بەربەست بوون بۆ ئەوەی ماچێکی پڕ لە تاسەی خۆی پێشکێش بکات. یان لە لاپەڕە ٤٦ دا.... "رووت و پەتی وەکو ئەو ڕۆژەی لە دایک بووین و ئابڕوویشمان نەچوو" . یان لاپەڕە ٤٧ "... بەرەو ئەو شارە بفڕین کە تاکە جارێکیش نەمتوانی کچە ئەسمەری دەزگیرانمی لێ ماچ بکەم"...

هەندێ جار نووسەر خۆی دەبەخشێتە دەست فریشتەگەلی ئەوروپایی کە لەوانەیە تووڕەبوونی خوێنەری ژنی کورد بە دوای خۆیدا بهێنێت، بەڵام ئەو ئەم کارە دەکات و دەردە دڵی خۆی بۆ ئەو فریشتانە دەدرکێنێ... "... فریشتەی دلۆڤان، من مرۆڤێکی بێ وڵاتم، تەنیا بە ئاوێتەبوون لەگەڵ تۆدا هەست دەکەم، بە

ڕاستی هەست دەکەم، کە منیش وەکو ئەوانی تر لە وڵاتی ڕەسەنی خۆمدام".





درامی چیرۆکەکان خاوەنی چوارچێوەیەکی زۆر پتەون. دەبینین کە چۆن قارەمانی چیرۆکەکە گیرۆدەی روحی خۆی دەبێت. دەکەوێتە سەر دووڕیان و جارێکی تر تەنیا بە پشتبەستن بە هێزی لە بن نەهاتووی عیشق خۆی لە دەستی ئەو کەرتەی روحی کە بەری پێ دەگرێ تا لەگەڵ فریشتەکەدا تێکەڵاو ببێ دەرباز دەکات. لاپەڕە ١٣ ".... دوای زۆرانبازییەکی بەردەوام و پڕ لە هەڵکشان و داکشان، ئەو کەرتی روحەم بردییەوە کە پەیامی پڕ ئەڤینی لە زاردا هەڵگرتبوو...".

گومان لەوەدا نییە کە قەڵەمی سیروان ڕەحیم قەڵەمێکی بە تواناس. بە شیکارییەکی سیمبۆلیکی پڕ لە متافۆر دەتوانێ بڕواتە نێو شاراوەترین بەشی روح و جەستە و هەستی خوێنەر. نووسەر لەم پەخشانگەلەدا، خەونە نوقم بووەکان و دەورانگەلی هەرزەکاری بۆ خوێنەر جارێکی تر زیندوو دەکاتەوە تا گیانێکی تازەت پێ ببەخشێت. واتە نووسەر بە بێ هیچ جۆرە شەرمێک نەوایەکی خۆش ئاهەنگ بەردەوام بە گوێتدا دەڵێتەوە و تا بە تەواوی ئەفسوونت دەکات و تۆ ناتوانیت کتێبەکە وەلا نێیت تا تەواوی دەکەیت. بڕێک لە رستەکان ئەوەندە ناسکن کە بۆ هەمیشە لە یادت دەمێننەوە وەک لە لاپەڕە ١٣ دا کاتێک دەنووسێ: "فریشتەگەل زیز نابن، ئەوان جەستەیەکن تانوپۆیان بە میهرەبانی خەمڵیوە."

یەکێکی تر لە تواناکانی سیروان ڕەحیم دروستکردنی تەرکیبی تازەیە، بۆ نموونە لە لاپەڕە ١٩ دا دەڵێ: "وەرە با ختوکەی لا ملی حەز بدەین" ئەو بەم جۆرە گیان دەبەخشێ بە حەز.

لە کتێبی "ئاوێزان لە کەناری کاکێشاندا" هەر یەک لە پەخشانەکان تۆ لەگەڵ دوو کاراکتەری سەرەکیدا لە فەزایەکی




نوێدا ئاشنا دەکات. پاشان دەتباتە ناو چۆنیەتی تێکەڵاوبوونی دوو دڵداری ڕۆمانتیکی خەیاڵی. لە بڕێک جێگە بە راستی سنووری شیعر و پەخشان بە ئاسانی جیانابنەوە. نووسەر لە ئاستێکی ئەدەبی بەرزدا دەنووسێ و بە جوانی لە "ئیستیعارە و مەجاز" کەڵک وەردەگرێ. هەر بۆیە لە کورتترین فۆرمی نووسیندا بڕێکی زۆر لە جوانترین ماناکان دەخاتە بەردەست. لە لاپەڕەی ٢٤ دێڕی ٤ دەڵێ: "ئەگریجەی زێڕینت چ گوزەرگایەکی کردبوو بە ڕێگەی ئاوریشم؟". لە سەرەتای کتێبەکەوە ئاشکرایە کە نووسەرێکی پیاو ئەم کتێبەی نووسیوە، بەڵام ناسکی هەستێک کە روحی بە چیرۆکەکان بەخشیوە، ئەوەندە ڕێزدارە لە سەرتاسەری کتێبەکەدا رستەیەک نادۆزینەوە ڕێگە بدات بە رەخنەی فیمینیستی. بە واتەیەکی تر دڵی ژن و پیاوی خوێنەر لە چیرۆکەکاندا بە یەکسانی دەحەسێتەوە.

نووسراوەکان ساختمانبەندی تۆکمەیان هەس و نووسەر بە شێوەیەکی وەستایانە ورد دەبێتەوە لە چۆنیەتی خۆ بەدەستەوەدانی عاشق بە مەعشوق. بەڵام چەند جارێک ئەو وردبوونەوەیە لە شێوازی شیرینی erotism تێ دەپەڕێ و دەگات بە سنووری explicit بوون. لە بڕێک جێگەدا نووسەر زیاتر لەوەی پێویستە تیشک دەخاتە سەر جەستە و ئەمە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە فڕینی خەیاڵ. بە کورتی دەکرێ بڵێین "ئاوێزان لە کەناری کاکێشاندا" شەرحی حاڵێکی تایبەت و جیاوازە لە خۆشویستن و تێکەڵاوبوونی دڵدارانی چاوەڕوان تا ئیتر هیچ دڵوانێکی عاشق لە حەسرەت و چاوەڕوانیدا نەمێنێتەوە. هەروەها دەبێ ئەوەیش بڵێین کە ئەم کتێبە نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی دەرکەوتی زاڵبوون بەسەر زماندا تا چ رادەیەک کاریگەری هەیە لەسەر ئاکامی نووسین.

لەندەن، پایزی ٢٠٠٩